# چارەنووسی کورد و  سوننەکان لەژێر هەژموونی هێزە شیعەکاندا

**نەوزاد هێتوتی**، دکتۆرا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پرسی کورد-زانکۆی لێستەر-بەریتانیا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی/ زانکۆی سەلاحەددین

**کورد و سوننەکان بەدەستبەتاڵییەوە لە هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت هاتنە دەرەوە**

لە دوای ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت و دواتریش پێکهێنانی حکوومەتی سوودانی، کورد و سوننەکان گەشبین بوون بەوەی حکوومەتی نوێ پابەندی ڕێککەوتنەکان دەبێت و خواست و داواکارییەکانیان کە ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە، جێبەجێ دەکرێن. بەڵام لە دوای پێکهێنانی حکوومەتی سوودانی لە ئۆکتۆبەری 2022دا لە ڕووی پراکتیکییەوە هیچ هەنگاوێکی گرنگ بە ئاراستەی پراکتیزەکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت نەهاوێژراوە. ئەوەی تاکوو ئێستا دیارە، ئەو ڕێککەوتنە تەنیا لە خزمەتی لایەنە شیعەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی و ئێراندا بووە. سەبارەت بە عەرەبە سوننەکان، هیچ یەك لە داواکانیان کە پەیوەست بوون بە چارەسەرکردنی دۆسیەی بێسەروشوێنبووەکان و دەرکردنی یاسای لێخۆشبوون، هەڵوەشاندنی یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس، کشانەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەناوەندی شارەکانی عەرەبە سوننەکان جێبەجێ نەکراون. لەمەیش مەترسیدارتر، لادانی محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی گەورەترین هێزی سوننەکان بووە لەلایەن دادگەی دەستوورییەوە لە 14ی نۆڤەمبەری 2023 لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان. بێ گومان ئەمەیش ڕاستەوخۆ لەلایەن گرووپە شیعەکانەوە پلانی بۆ دانرابوو.

دیارە بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە بارودۆخی سوننەکان باشتر نییە. بڕیار بوو دوای دروستکردنی حکوومەتی سوودانی، لە ماوەی 6 مانگدا یاسای نەوت و گاز بە ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێم پەسەند بکرێت؛ بەڵام تاکوو ئێستا هیچ هەنگاوێك نەهاوێژراوە. هەروەها لە یەکەم تاقیکردنەوەدا شیعەکان پشتیان لە ڕێککەوتنەکانیان  کرد؛ بەتایبەت سەبارەت بە پەسەندکردنی بوودجە، هەوڵیان دا لە پێگەی هەرێم بدەن. لە لایەکی تریشەوە، سەبارەت بە بەندی 140، ڕێککەوتننامەی شنگال و دەرکردنی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی، نەك هەر هیچ هەنگاوێك نەهاوێژراوە، بەڵکوو ڕێك بەپێچەوانەی ڕێککەوتنەکان هەنگاو دەنێن. لە شنگال لە نوێترین هەنگاودا بەرپرسانی حەشدی شەعبی دەستیان کردووە بە دروستکردنی لیوایەکی تری چەکداری سەر بە میلیشیا شیعەکان لەناوچەکەدا و، بۆ ئەم مەبەستە ڕەزامەندیی حکوومەتی "سوودانی"یان وەرگرتووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، دەبوایە هەموو میلیشیا چەکدارەکان لە شنگال دەرکرابان. بە هەمان ئاراستەیش، شیعەکان هەناردەکردنی نەوتی هەرێمیان ڕاگرتووە و بە پاسا و بیانووی جیاوازەوە گرفت بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن. بە هەمان ئاراستەیش دوای پەسەندکردنی بوودجەی سێ ساڵی، بە فرتوفێڵ بوودجەی هەرێم بە ڕادەیەك کەم کراوەتەوە کە ڕێژەکەی ناگاتە 5% و سەرەڕای ئەمەیش بەغدا داوای داهاتی نانەوتیی 100%

له هەرێم دەکات. هەموو ئەمانەیش وای کردووە دوای پەسەندکردنی بوودجەی عێراق، نەك هەر هەرێم سوودمەند نەبێت یان پشکی خۆی وەرنەگرێت، بەڵکوو ئەوەی تا ئێستایش وەردەگرێت بە شێوەی قەرزە و دەبێت بیانداتەوە.

### لادانی حەلبووسی لەسەرۆکی پەرلەمان

بەپێی بڕیاری دادگەی دەستووری لە 14ی نۆڤەمبەری 2023 حەلبووسی لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لا درا و ئەندام پەرلەمانییەکەی هەڵوەشێنرایەوە. ئەم بڕیارەی دادگە لە کاتێکدایە، حەلبووسی زۆرترین دەنگی پێکهاتەی سوننەکانی لەگەڵدایە. بێ گومان ئەمە پێشهاتێکی زۆر مەترسیدارە و، دەکرێت کاریگەرییەکی زۆری هەبێت لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. گومانی تێدا نییە بڕیاری دادگەی فیدراڵی بە فەرمانی ئێران و هێزە شیعەکان دەرکراوە، بۆ ئەوەی گورزێکی مەزن لە هەموو ئەو کەس و هێزانە بدەن کە دژی ئێران و هاوپەیمانەکانی کاریان کردووە. هەر لەسەرەتاوە دیار بوو ئێران و گرووپە شیعەکان بەو ئاراستەیەدا هەنگاو دەنێن و، مەبەستیانە لەناو سوننەکان کەسێك دەسەڵاتدار بێت ملکەچی بڕیار و سیاسەتەکانی ئێران بێت.

ئەمە لە کاتێکدایە کە حەلبووسی ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە پێکهێنانی حکوومەتی سوودانی و گەیشتنی چوارچێوەی هەماهەنگی بە دەسەڵات. ئەمەیش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە کورد و سوننەکان چ هەڵەیەکی گەورەیان کرد، چوونە پاڵ هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی سەر بە ئێران بۆ پێکهێنانی ئەم حکوومەتە، کە ئێستا لە دژیان بەکار دێت. وەك ئاماژەمان پێ کرد، تا ئێستایش تەنانەت یەك خاڵ لەو بەرنامەیەی کە لەسەری ڕێك کەوتوون، جێبەجێ نەکراوە. ئەم هەنگاوە تەنیا مەترسی نییە بۆ سەر سوننەکان، بەڵکوو مەترسیی جددییش هەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. لێرەدا لەوانەیە پرسیار ئەوە بێت: بۆچی هێزە شیعەکان دژایەتیی حەلبووسییان دەکرد و لە ڕێگەی دادگەی دەستوورییەوە لە پۆستەکەی لا درا؟ ڕاستییەکەی، زۆر هۆکار و فاکتەر هەن بۆ دەرکردنی ئەم بڕیارە لەلایەن دادگەی فیدراڵییەوە، بەتایبەت لەم کاتەدا، لەوانە:

- ئێران و گرووپە میلیشیاکان "قەیرانی غەززە" وەك دەرفەتێکی زێڕین بەکار دەهێنن بۆ لێدان لە نەیارەکانیان لە عێراقدا؛ لەبەر ئەوەی ئێستا زۆربەی فۆکەسی جیهانی و هەرێمی لەسەر کەرتی غەززەیە و کەس ئاگای لە عێراق یان پرۆسەی سیاسی لە عێراق، نەماوە. بۆیە ئێران و هێزە پرۆکسییەکان ئەمەیان بە دەرفەت زانی بۆ پاکتاوکردنی نەیارەکانیان؛ بەتایبەت جەنگی فەڵەستین و ئیسرائیل وای کردووە ئەمریکا زیاتر چاوی لەسەر ئەم جەنگە بێت و زیاتر هەوڵ دەدات بازنەی جەنگەکە فراوان نەبێت. هەر بۆیە، ئەمریکا ئێستا فۆکەسی زۆری نەماوە لەسەر سیاسەتی هێزە شیعەکان لە عێراقدا؛ جا ئەمە دەرفەتە بۆ هێزە شیعەکان بۆ ئەوەی لە نەیارەکانیان بدەن. بەتایبەت دڵنیان کە دەوڵەتانی عەرەبی و ئەمریکا لە ئێستادا زۆر گرنگی بە مەسەلەی پێکهاتەی سوننەکان یان لادانی حەلبووسی نادەن. هەر بۆ زانین، ماوەیەك پێش ئێستایش فەرماندەی دژەتیرۆریش (وەهاب ئەلساعیدی)یان لەسەر کارەکەی لا درا کە کەسێکی نزیك بوو لە ئەمریکا.
- هێزە شیعەکان و ئێران لەبیریان ناچێت کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی 2021، حەلبووسی لەگەڵ پارتی و سەدر هاوپەیمانیی پێك هێنا بۆ دروستکردنی حکوومەت. بۆیە هاوپەیمانەکانی ئێران لە دوای پێکهێنانی حکوومەت بەردەوام باسی ئەوەیان دەکرد، کە دەبێت کەسێکی دیکە لە جێگەی

حەلبووسی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت. لەسەرەتادا هەوڵیان دا لە ڕێگەی پەرلەمانەوە متمانە لە حەلبووسی وەربگرنەوە. **بەڵام دواتر پیلانەکەیان گۆڕی و کارەکەیان بە دادگەی دەستووری کرد بۆ ئەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی تۆمەتبار نەکرێت بەوەی دەستی تێدا هەبووە.** بێ گومان ئەم بڕیارەیش تۆڵەکردنەوە بوو لە حەلبووسی و، چاوترساندنی ئەو هێزانەیە کە لە دەرەوەی سیاسەت و ئەجێندای ئێراندا کار دەکەن.

- هێزە شیعەکان زۆر مەبەستیانە بەدیلێکی نزیك لە ئێران لەناو پێکهاتەی سوننەکان بدۆزنەوە کە بۆ ئێستا و ئاییندە بتوانێت جێگەی حەلبووسی بگرێتەوە. دیارە حەلبووسی زیاتر لە ئەمریکا و دەوڵەتانی عەرەبی نزیك بوو. کەواتە ئێران مەبەستیەتی دڵنیا بێت لەوەی کە زۆربەی ئەوانەی لەناو پێکهاتەی سوننەکان بەهێزن، سەر بە خۆیان بن، نەك لایەنێکی تر. ئێستا ئەم سیاسەتە لەناو هەرێمیش زۆر بەوردی پراکتیزە دەکرێت.
- ئێران و هاوپەیمانەکانی زۆر مەبەستیان بوو پێش پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان لە دێسەمبەری 2023، گورزێکی مەزن لە حەلبووسی و هاوپەیمانەکانی بدەن بۆ ئەوەی کەمترین دەنگ لەناو پێکهاتەی سوننەکان دەستەبەر بکەن. بەڵام ئەم پیلانەی هێزە شیعەکان سەری نەگرت. بەتایبەت بەپێی دەرەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، لیستەکەی حەلبووسی زۆرینەی دەنگی پێکهاتەی سوننەکانی بەدەست هێناوە. گەورەترین سوپرایزیش بەغدا بووە کە لیستەکەی حەلبووسی پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، کە ئەمەیش شیعەکانی تووڕە کردووە. بێ گومان ئەمە ئەوە دەردەخات لادانی حەلبووسی هاوسۆزییەکی مەزنی لەناو پێکهاتەی سوننەکانی بۆ دروست کردووە و، دەکرێت کاریگەریی زۆری هەبێت لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق و بەهێزبوونی پێگەی حەلبووسی لە پرۆژەی سیاسیدا. تەنانەت لە مووسڵیش لیستەکەی نەجم جبووری، پارێزگاری پێشووی مووسڵ، کە لەژێر گوشاری هێزە شیعەکاندا دەستی لە کار کێشایەوە، پلەی یەکەمی هێناوە. ئەمەیش پێمان دەڵێت ئەوانەی لەلایەن ئێران و گرووپە شیعەکانەوە لەناو پێکهاتەی سوننەکاندا دژایەتی دەکرێن، نەك هەر پێگەی جەماوەرییان لاواز نابێت، بەڵکوو بەهێزتریش دەبێت.
- بۆ لایەنە شیعەکان و ئێران زۆر گرنگە هیچ هێزێك یان کەسایەتییەکی کاریگەر لەناو پێکهاتەی سوننەکان دروست نەبێت کە بتوانێت پێگە و هێز بداتە پێکهاتەی سوننە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا. لەبەر ئەمەیش، ئێران و هاوپەیمانەکانی لە عێراق زیاتر هەوڵ دەدەن هەم کورد و هەم سوننەکان زیاتر پەرشوبڵاو و پەرتەوازە بن، بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە سیاسەت و ئەجێنداکانیان لە عێراقدا جێبەجێ بکەن. لەمەیش گرنگتر ئەوەیە ڕێگە نادەن هیچ فیگەریکی مەزن و کاریگەر لەناو پێکهاتەی سوننەکان سەر هەڵبدات کە دواتر ببێتە مەترسی لەسەر سیاسەتی هێزە شیعەکان لە عێراقدا. بۆ نموونە لە سەردەمی "مالیکی"دا "ڕافع عیساوی" و "تارق هاشمی" کە دوو کەسایەتیی کاریگەری ناو پێکهاتەی سوننەکان بوون، بەئامانج گیران و بەپێی یاسای دژەتیرۆر لە پێگەیان درا. دواتریش بە شێوەی جیاواز هەر یەکە لە ئوسامە نوجەیفی و ساڵح موتڵەگ و محەممەد حەلبووسی بە هەمان دەرد بردران.

**بەردەوامیی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و قەیرانی مووچە**

دیارە تا دێت گرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا توندتر دەبن و حکوومەتی عێراق بەردەوامە لە

گوشارخستنە سەر هەرێم و، هەموو ڕێککەوتنەکانی پێکهێنانی حکوومەت بەلاوە نراوە. لەوانەیە ئەو پرسیارە بکرێت کە، بۆچی بەغدا ئامادە نییە کێشەکان لەگەڵ هەرێم چارەسەر بکات؟ یان بۆچی بەغدا ئامادە نییە پرسی مووچەی فەرمانبەران چارەسەر بکات؟ یان ڕێگە بدات هەرێم نەوتەکەی هەناردە بکات؟ لە ڕاستیدا زۆر هۆکار هەن کە وا دەکات بەغدا بەردەوام بێت لە گوشارخستنە سەر هەرێم و پابەندی ڕێککەوتنەکان نەبێت، کە گرنگترین خاڵەکان ئەمانەن:

- هەر لە بنەڕەتەوە بەغدا و دەسەڵاتدارانی شیعە باوەڕیان بە سیستەمی فیدراڵی و بەندەکانی دەستوور نییە و دەیانەوێت دەسەڵاتەکان لە بەغدا کۆ بکەنەوە و، وەك پارێزگایەك مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا بکرێت نەك وەك قەوارەیەکی فیدراڵی و خودان دەسەڵات و تایبەتمەندیی خۆی.
- بەغدا لەگەڵ ئەوە نییە هەرێم لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە سەقامگیر بێت، هەر بۆیە بە دروستکردنی کێشەی مووچە و نەناردنی بوودجە، بەغدا مەبەستیەتی هەلومەرجێکی وا دروست بکات، کە نەك هەر هەرێم لە ڕووی ئابوورییەوە گەشە نەکات، بەڵکوو تووشی داڕمانێکی گەورەی ئابووری ببێت؛ بە شێوەیەك ببێتە فاکتەرێك بۆ تەسلیمبوونی بە بەغدا.
- وەك چۆن لەناو سوننەکاندا ئێران و گرووپە شیعەکان هەوڵ دەدەن لە پێگەی نەیارەکانیان بدەن، بە هەمان شێوەیش ئەو سیاسەتە لەناو هەرێمیش جێبەجێ دەکەن. بۆیە، هێزە شیعەکان مەبەستیانە بە دروستکردنی کێشەی مووچە بۆ فەرمانبەران، شەقامی کوردی و خەڵك لە دژی حکوومەتی هەرێم و بەتایبەتیش پارتی هان بدرێت. ئەمە لە لایەك بۆ ئەوەی پێگەی هەرێم لاواز بێت و، لە لایەکی تریشەوە لەو ڕێگەیەوە لە پێگەی پارتی بدەن؛ بەو مانایەی ئەوان وای دەبینن لاوازبوونی پێگەی هەرێم بە مانای لاوازبوونی پێگەی پارتییە.
- هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی دەیانەوێت دژایەتیکردنی هەرێم وەك بانگەشەیەك بۆ بەهێزکردنی پێگەکەیان بەکار بهێنن؛ بەتایبەت ماوەیەکی درێژە هێزە شیعەکان هەوڵ دەدەن شەقامی عەرەبی و شیعە بەو ئاراستەیەدا ببەن، کە سەرچاوەی هەموو کێشەکانی عێراق، "هەرێمی کوردستان"ە! بۆیە ئەوەی زیاتر دژایەتیی هەرێم دەکات، زیاتر دەتوانێت پێگەکەی لەناو شەقامی شیعەدا بەهێز بکات!
- هەرێمی کوردستان دوو هەڵبژاردنی گرنگی لە پێش بووە: یەکەمیان هەڵبژاردنی پارێزگاکان بووە، کە لە 18ی دیسەمبەری 2023 ئەنجام درا، هەروەها بڕیاریشە لە 24ی کانوونی دووەمی 2024 هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە بچێت، ئەگەر دوا نەخرێت. بۆیە لایەنە شیعەکان زۆر هەوڵ دەدەن بە دروستکردنی قەیرانی دارایی لە هەرێم، خەڵك لە دژی پارتی هان بدەن، بۆ ئەوەی وا پیشان بدرێت کە پارتی بەرپرسیاری سەرەکییە لەو قەیرانەی کە لە کوردستان هەیە. ئەمەیش بۆ هاندانی خەڵك بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان پارتی سزا بدەن و دەنگ بە دۆستەکانی ئێران بدەن، چونکە ئەوان زۆر مەبەستیانە هاوپەیمانەکانیان لە کوردستان دەسەڵات بگرنە دەست.
- پرسی ڕاگرتنی <u>هەناردەکردنی نەوتی هەرێم</u> تاکوو ئێستا زیاتر وا دەردەکەوێت کێشەیەکی سیاسی بێت، نەك فەننی و تەکنیکی. گومانی تێدا نییە کە بەرپرسانی بەغدا، بەتایبەت هاوپەیمانەکانی ئێران، مەبەستیانە بە هەر شێوەیەك بێت گرفت بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دروست بکەن لە پێناوی چەند ئامانجێك، **لەوانە:** هەرێمی کوردستان لەسەر پرسەکان سازشی زیاتر بۆ بەغدا بکات، دوورخستنەوەی هەرێم وەك ئەکتەرێکی کاریگەر لە ڕووی هەناردەکردنی نەوت، کەرتی وزە لە هەرێم تووشی شکست ببێت بە شێوەیەك چیتر کۆمپانیا نەوتییەکان لە هەرێم کار نەکەن،

مەلەفی نەوت و گاز لەدەست هەرێم دەربهێنن و، هەرێم تووشی قەیرانێکی گەورەی ئابووری و سیاسی بکەن.

**بژاردەکانی بەردەم کورد و سوننە**

کورد و سوننەکان دوو پێکهاتەی سەرەکین لە عێراقدا، کە دەتوانم بڵێم ئێستا لە ڕووی پراکتیکییەوە لە دەرەوەی  پرۆسەی بڕیارداندان. واتە لە عێراقدا نە شەراکەت و هاوبەشی ماوە، نە هاوسەنگی ماوە لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا و نە تەوافق و سازان ماوە لە دەرکردنی بڕیارەکاندا. واتە بەکورتی ئێستا عێراق لەلایەن هاوپەیمانەکانی ئێرانەوە بەڕێوە دەبردرێت و دەستیان بەسەر هەموو جومگە گرنگەکانی دەوڵەتدا گرتووە و، بەکاریان دەهێنن بۆ بەهێزکردنی پێگەکەیان و لێدان لە نەیارەکانیان. لێرەدا لەوانەیە سوننەکان زیاتر کەوتبنە ژێر گوشاری هێزە شیعەکان؛ لەبەر ئەوەی سوننەکان هیچ هەرێمێکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستانیان نییە. لەوەیش خراپتر ئەوەیە هیچ هێزێکی سەربازی نییە بیانپارێزێت. ئەم دوو فاکتەرە وای کردووە کە زۆر بەئاسانی بکەونە داوی گرووپەکانی سەر بە ئێران.

هەم پارتی هەم سوننەکان، بەتایبەت هاوپەیمانیی سیادە، زەرەرمەندی یەکەمی ئەم سیاسەتەی گرووپە میلیشیاکانن. وەك ئاماژەمان پێ کرد، تاکوو ئێستایش یەك خاڵیش لە بەرنامەی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت پراکتیزە نەکراوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە کورد و سەننەوە هەیە. نەك هەر ئەمە، ئێستا لە ڕێگەی دامەزراوە سیاسی، یاسایی و سەربازییەکانەوە خەریکە لە گۆڕەپانی سیاسی دوور دەخرێنەوە. ئەمەیش بێ گومان چارەنووسی عێراق بەرەو ئاییندەیەکی تاریك و نادیار دەبات و، دوور نییە قەیرانێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە. بۆیە پرسیار ئەوەیە: بژاردەکانی بەردەم کورد و سوننە کامانەن و چۆن دەتوانن خۆیان بپارێزن و دووبارە لە ڕوانگەیەکی بەهێزترەوە بگەڕێنەوە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق؟

- یەکێك لە بژاردەکان ئەوەیە کە پارتی و سوننەکان، بەتایبەت ئەوانەی لە ئێران دوورن، هاوپەیمانی دروست بکەن. ئەمە یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەریی دەبێت لەسەر دووبارە ڕاستکردنەوەی ئەو لاسەنگییەی لە حوکمڕانیی عێراقدا دروست بووە. وەك ئاماژەمان پێ کرد، ئێستا کورد و سوننەکان لەژێر گوشاری گەورەی گرووپە شیعەکاندان و چیدیکە بەشێک نین لەو هاوبەشییەی لە 2003 دەوڵەتی عێراقی لەسەر بنیات نرایەوە. کورد و سوننەکان بەبێ هاوپەیمانی و یارمەتیدانی یەکتر زۆر بەئاسانی دەبنە قوربانیی گەمەی هێزە شیعەکان و هیچ شتێکیان دەست ناکەوێت. هەروەها زۆر گرنگە سوننەکان هان بدرێن بۆ ئەوەی هەرێمێکی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن و، دەبێت کورد لەم بارەوە یارمەتییان بدات؛ چونکە دروستبوونی هەرێمێکی سوننە هەم دەرگە بەسەر دابەشبوونی عێراقدا دەکاتەوە و، هەم یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕاستکردنەوەی هاوسەنگیی هێز لە عێراقدا.
- دروستکردنی هاوپەیمانیی نوێ لەسەر ئاستی عێراق؛ بە شێوەیەك ئەو هێز و لایانانە بگرێتە خۆ، کە **بڕوایان بە شەراکەت و تەوافق و هاوسەنگی هەیە** لە پرۆسەی سیاسیدا. زۆر گرنگە بۆ کورد و سوننەکان پاڵپشتیی سەدرییەکان بکەن، چونکە ئەمە یەکێك لەو کارتانەیە، کە دەکرێت وەك ئەمرازی گوشار دژی لایەنەکانی تری شیعە بەکار بهێنرێت. دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە تاکوو ئێستا  تاکە لایەن کە دەتوانێت لەناو شەقامی شیعە ڕووبەڕووی چوارچێوەی هەماهەنگی ببێتەوە، "سەدرییەکان"ن. ڕاستە هاوپەیمانیکردن لەگەڵ سەدرییەکان سەختە، چونکە خودی سەدر

کەسێکی میزاجییە و جێگەی باوەڕ نییە و بەردەوام سیاسەتەکانی گۆڕانی بەسەردا دێت و لە بڕیاردانیش پەلە دەکات و تاکڕەوە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەیش بزانین کە خاڵی هەرە لاوازی چوارچێوەی هەماهەنگی، سەدرییەکانن و هەر ئەوانیش دەتوانن ڕووبەڕووی هەژموونی گرووپە میلیشیاکان ببنەوە. بە هەمان شێوەیش، وەك چۆن ئێران ڕێگە نادات لەناو کورد و سوننەکان لایەنێك زاڵ ببێت و بەردەوام هەوڵ دەدات پەرتەوازەیی لەناو ئەم دوو پێکهاتەدا دروست بکات، دەبێت کورد و سوننەکانیش هەمان سیاسەت بەرامبەر شیعەکان بگرنە بەر و، دەبێت هەموو هەوڵێك بدرێت ناوماڵی شیعە پەرتەوازە بێت و لایەنێك بەسەر پرۆسەی سیاسیدا زاڵ نەبێت.

- کشانەوە لە حکوومەتی ئێستا و هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی و، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، دەبێت یەکێکی تر بێت لەو کارتانەی کورد و سوننەکان لە دژی ئەم حکوومەتە بەکار بهێنن. لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە دەبوایە کورد و سوننەکان بەشداریی ئەم حکوومەتەیان نەکردبایە و دەیوانتوانی نیسابەکە تێك بدەن و دووبارە هەڵبژاردنێکی تر لە عێراق ئەنجام بدرێت. بەڵام دوای کشانەوەی سەدر، پارتی و سوننەکان بەهۆی پێدانی هەندێك بەڵێنی بێبنەما، دووبارە چوارچێوەی هەماهەنگییان کردە دەسەڵاتی بێڕکابەر لە عێراقدا و، ئێستایش باجەکەی دەدەن. بۆیە، بۆ کورد زۆر گرنگە وادەیەك دابنێت بەوەی، یان دەبێت ئەو خاڵانەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە جێبەجێ بکرێت، یان دەبێت لەو حکوومەتە بکشێتەوە. بەتایبەت دەبێت هەرێم گوشار دروست بکات بە لایەنی کەم لەم قۆناغەدا پێداچوونەوە بە یاسای بوودجە بکرێت و گرفتی پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم چارەسەر بکرێت؛ هەروەها کار بکرێت بۆ تێپەڕاندنی یاسای نەوت و گاز و ئەنجومەنی فیدراڵی.

بەڵام ئەگەر بەغدا هەر سیاسەتی کاتکوشتن بگرێتە بەر، دەبێت کورد و بەتایبەت پارتی لە حکوومەتی ئێستا بکشێنەوە و، لەگەڵ لایەنەکانی تر کار بکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی سوودانی. ڕاستە سەبارەت بە کورد و سوننەکانیش پرسی کشانەوە ئاسان نییە، چونکە هێز و و لایەنە سیاسییەکان یەکگرتوو و یەکهەڵوێست نین و لە ئەگەرێکی وەهادا لەناو کورددا تەنیا پارتی و لەناو سوننەکانیشدا تەنیا حەلبووسی و لەوانەیشە هاوپەیمانیی سیادە بە سەرۆکایەتیی خەمیس خەنجەر بکشێنەوە. ئەوانی تریش نەك هەر دەمێننەوە، بەڵکوو بە ئەگەری زۆر پۆستەکانیشیان پڕ دەکەنەوە. بەڵام کشانەوە لە حکوومەت گورزێکی مەزن لە  حکوومەتی ئێستا دەدات، چونکە لەسەر ئاستی هەرسێ پێکهاتە (سەدرییەکان، هاوپەیمانیی سیادە و تەقەدوم و پارتی) کە زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکانیان بردووە، بە کشانەوەیان شەرعییەتی ئەم حکوومەتە دەکەوێتە ژێر پرسیاری جددییەوە و ناچارە هەڵبژاردنی پێشوەختە بکات. بەڵام نابێت لەبیری کەین، ئەم هەنگاوە زیاتر هاوپەیمانەکانی ئێران هان دەدات بۆ دژایەتیکردنی کورد و بەکارهێنانی دادگەی دەستووری لە دژی زۆر پرسی تری پەیوەست بە هەرێم.

- زۆر گرنگە هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان سیاسەت و بەرنامەی هاوبەشیان هەبێت لەسەر ئاستی بەغدا و پارێزگاکان بۆ بەهێزکردنی پێگەی هەرێم و پاراستنی مافە دەستوورییەکانی. دەکرێت هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی لە کەرکووک و مووسڵ سیاسەتێکی هاوبەش بگرنە بەر بۆ ئەوەی لە کەرکووك پارێزگارێکی کورد دابنێن؛ هەرچەندە ئەم جارە کورد نەیتوانیوە زۆرینەی کورسییەکانی کەرکووك بباتەوە و تەنیا توانیی 7 کورسی مسۆگەر بکات. بۆیە لایەنە کوردییەکان ڕووبەڕووی زۆر سەختی دەبنەوە و ئەگەر پارتی

و یەکێتی سیاسەتی هاوبەش نەگرنە بەر، سەخت دەبێت بۆ ئەوەی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووک دابنێن. تەنانەت ئێستا بەپێی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان بێت، هەڕەشەی جددی لەسەر "ناسنامەی کوردستانیبوونی کەرکووک" هەیە. بەتایبەت لەم هەڵبژاردنەدا دەنگی لایەنە عەرەبەکان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز بووەتەوە. بەداخەوە تاکوو ئێستا لایەنە کوردییەکان نەك هەر یەکگرتوو نەبوون و نین، بەڵکوو هەر یەکەو سیاسەتی تایبەتی خۆی هەیە و زۆربەیان لە جێگەی ئەوەی شەڕ بۆ مافە دەستوورییەکانی هەرێم بکەن، خەریکی موزایەدەی سیاسین. تەنانەت هەندێك لە هێزە کوردییەکان، بەتایبەت یەکێتی، ڕۆڵێکی زۆر خراپ دەگێڕن لە هاندانی لایەنە شیعەکان بۆ دژایەتیکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێم و هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێم و بەغدا؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە لایەنە دژبەرەکانی هەرێم زۆر بەوردی کار و پلانەکانیان دژی هەرێم بەڕێوە دەبەن.